کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

7-11-2007 23:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## جیهاد ئینشقاقێکی دیکەشی کرد، خەرمان بەرەکەت ... خۆیشکێکی گەرمیانی

لە نەرویج
2007-10-28

پار ساڵ لە بەرواری 2006-10-8 لە کۆبونەوەی سمیناری دیالۆگی کوردە پەناهەندەکان وەك خۆیشکێکی گەرمیانی دانیشتووی مەملەکەتی نەرویج و چالاك لەگەڵ برِێ لە کەنیشك و برالە کورد پەروەرەکانم بەشداری کۆبونەوەکەم کرد، کە بە دەستپێشخەری کۆمیتەی حیزبە کوردستانییەکان لە نەرویج خوا تەمەن درێژ و دەوڵەمەندتریان بکات سازکرابوو.
کۆبونەوەکە لە جیاتی ڕێکخستنی جالیەی کورد لەو وڵاتە لەسەرمارەقەوە بووە، جیهاد و ئیدریس کردیان بەشەڕی گەرمی چاك و گروپی کوردی لە ڕێکخراوی دژ بە ڕەگەزپەرستی، لە یەکخستنەوە کردیان بە ئینشقاق پێکردن، کۆبونەوەکەیان وا تێکدا، ئاداریان بەسەر پادارییەوە نەهێشت، نەیان هێشت دیالۆگی بەسزمان لە دایك ببێت و کردیان بە ڕشانەوە، لەو عەیامەوە جیهاد هەر شمشێر لە سۆس تیژ دەکات، کەچی ئێستا دەیەوێت چاکیشی وەك پارووییەکی چەور تەسلیم بکات.
جیهاد محەمەد لەوەتەی هەیە خەریکی ئینشقاقە، هەقی وایە ناوی بچێتە لیستی گێنسەوە، جێی خۆیەتی لەجیاتی مامۆستا جیهاد ناوی بنرێت مامۆستا ئینشقاق، کە چووە ناو چاکەوە ئێمە کۆمەڵێك لە خۆیشکە کوردەکانی نەرویج وتمان ئاخیری خێر بێت، چونکە جیهاد لە هیچ حیزب و ڕێکخراوێك بێ ئینشقاق دەرنەچۆتە دەرەوە، لەوەتەی هەیە لە ئیشقاق و ئینشعاب و تێکدان بەردەوامە، تەنانەت کەسێکیش شك نابەیت ئینشقاقی لەگەڵ نەکردبێت، بگرە ئەو کوڕە قۆزە کەرکووکیەی کە ئێستا لەگەڵیایەتی، ماوەیەك ئئینشقاقی لەگەڵ ئەویشکرد، هەزار و یەك دانە ناو ناتۆرەی بۆ ئەیش هەڵبەستا، ئەم حەوتووە وتیان ئەرێوەڵا ئەمجارەش جیهاد کردی، وتمان یا غەوس چی کرد، کورە وتیان ئینشقاقی لە چاکیش کرد، چاکێکی بۆ خۆی درووستکرد.
جیهاد بۆتە موخۆرکە بۆ گیان چاك و حیزب و ڕێکخراوی کوردی، تەنها لە هەوڵی زلکردنی ناوی خۆیدایە، بەڵام ئاگای لەوە نییە، وایلێدێت لەماڵەوە بشمرێت کەس دەرگای لێناکاتەوە، چونکە ئینشقاقی لەگەڵ هەموو ئۆمەتی محەمەد کردووە.
ئەم کاکەیە ڕقی لە ناوەکەی خۆشیەتی، تەنها ئەوەندە کەڵکی لێوەرگرتووە، فێری جیهادی ئینشقاقکردنی کردووە.
لەو کۆبونەوەی باسمکرد، زۆر ڕەخنەی نابەجێی لە یەکێتی دەگرت، ختختۆکەی پارتی دەدا، بەڵام ئێستا بە خشپەیی دەیەوێت چەند ئەندامێك لە چاك بباتە ناوەوە، خوا نەبێت پێغەمبەری ئاخیر زەمانی ڕەبوالعالەمینیش نازانێت، ئەم پیاوە هەموو دەم مونشەقە چ مەیلێکی سیاسی هەیە، لە گەڵ کۆمۆنیست بلیخانۆفە، لەگەڵ ناسیۆنالست پاسۆکە، لەگەڵ دیموکراتی ئەوپەڕی لیبراڵە، لە ڕاستیشدا تەنها ئاشقی ناوی خۆیەتی و لەگەڵ کەس و هیچ باوەڕێك ڕاست نییە، هەر لە هەوڵی گەورەکردنەوەی ناوی خۆیدایە، بەڵام لە دوای هەموو ئینشقاقێك بچووکتر دەبێتەوە، حەکایەتی دوا ئینشقاقیش، بە گوێی خۆم گوێم لێبوو، یەکێتییەکان وتیان، با ئەم چاکەمان لە کۆڵ بکاتەوە، چاك نەمێنێت جیهاد هیچ نییە و ئیشمان پێی نامێنێت.
برا خاسەکانی چاك، خۆیشکەکانی چاك، تکای خۆیشکانەتان لێ دەکەم، ئێژم خۆتان لە دەردوبەڵای جیهاد بپارێزن، وریا بن قەت جیهاد سەلار دانانیشێت و باگز ناکرێت لە ئینشقاق، بە نیازی ئەوەش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

7-11-2007 23:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

مەبن ساڵەح بێت لەگەڵتان و بە نیازی کارکردن بێت وەك ئێوە، قەزاتان لە خۆیشکی خۆتان بکەوێت، لە بانەوە مامە حەمەیی و قسەی سەوزو سوورتان بۆ دەکات، لە بنەوەش دەبڕێتەوە، ئەمڕۆ چەند ئەندامێکی چاکی برد و دەیەوێت ناوەکەشتان ببات، سبەی ئەوانیش شەق شەق دەکات، ئامان سەت ئامان جارێکی دیکە وەرینەگرنەوە، ئەم پیاوە نەك کەسی خۆش ناوێت، بەڵکە ڕقی لە تەختی ناوچەوانی خۆشیەتی، کاری پێتان نەبێت لەگەڵتان نابێت، هیچ مونشەقێك ناو چاك، وا نەزانێت قەپاغی خۆی دۆزیەوەتەوە، ئەوەی خوییەکی گرت بە شیری تەرکی ناکات بە پیری، ئینشقاقەکان جیهادیش تا گەیشتن بە ڕۆخی قەبر بەردەوام دەبێت، مەگەر خوا کەسیش ناتوانێت بیانژمێرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.